## پێشکەشە

لەماوەی (9) ساڵی ڕابردوو ، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی گەورەی بەخۆ بینی لە زۆربەی بوارەکان. ئەو پێشکەوتنە ڕەنگی دایەوە لەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیانی هاولاٌتیان بگرە لە زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران تا دەگاتە جموجۆڵە ئابووریەکان وەك کەرتی نیشتەجێ بوون ، گەشت و گوزار و بازرگانی و چەندین کەرتی تر.

بۆ دەست نیشان کردنی ئاستی پێشکەوتن پێویست بوو کار بکرێ بۆ دیاری کردنی بە پێی نیشاندەری ئاماری کە باشترین ڕێگایە لە ڕووی زانستیەوە و هەروەها باشترینە بۆ حکومەت تاکو بزانێ تا چ ڕادەیەك سیاسەتەکانی سەرکەوتوون لەو بوارانەی گرنگن بۆ بەدەست هێنانی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلاٌیەتی.

لێرەدا ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ریٚگای ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو بەهەماهەنگی لەگەڵ ریٚکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگای ناوەندی ئامار لە بەغدا، داتای گرنگی کۆکردەوە لە بوارە جیاجیاکاندا لە ماوەی (2) ساڵی ڕابردوو و ئێستاش بەردەوامە بۆ بەدەست هێنانی نیشاندەری تر کە بەهەمان شێوە گرنگن.

لەم ڕاپۆرتەدا کە ناومان لێنا (ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەلاٌیەتی و ئابووری SEMS ) و بە پاڵپشتی ریٚکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA دامەزراوەی RAND ی ئەمریکی، نیشاندەری بەدەست هاتوو لە ڕووپێوە جیاجیادا پیشان دەدەین لە (11) بوار یان کەرت کە توانراوە نیشاندەری لەسەر کۆبکرێتەوە. بۆ نموونە بەشێك لەو نیشاندەرانە تایبەتن بەو پێشکەوتنەوەی بەدی کراوە لە بواری تەندروستی منداڵ و ئافرەت هەروەها لە بواری هێزی کار و ڕێژەی بێکاری لەگەڵ ئەوەی نیشاندەری گرنگی تریش پیشان دراوە لە کەرتەکانی گەشت و گوزار و پەروەردە.

ئەم جۆرە ڕاپۆرتە سالاٌنە دروست دەکرێ و ڕێك دەخرێ بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکان دیاری بکرێن لەو ماوەیەدا و دەکرێ ئەم ڕاپۆرتە بەکاربێ وەك سیستەمی چاودێری بۆ زانینی ئاستی گۆڕانکارییەکان.

هیوادارین توانیبێتمان کارێکی وا بکەین کە سوودی هەبێ بۆ داڕێژەرانی سیاسەتەکانی حکومەت بەتایبەتی و بۆ کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەیەکی گشتی.

*د. علی عوسمان سندی*

*وەزیری پلان دانان*


## دەسپێک :

وەك هەولێك لە دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان بۆ خستنە رووی ئەو داتایانەی كۆكراوەتەوە لە بوارە جیاجیاكاندا ، ئەم راپۆرتە دەخاتە بەردەست . راپۆرتی یەكەمی چاودێری كردنی بارودۆخی ئابووری وكۆمەلایەتی لە هەرێمی كوردستان بە هاوكاری هەردوو رێكخراوی UNFPA و دامەزراوەی RAND بە ئەنجام گەیاندرا وتیایدا داتاكانی چەند رووپێو و پرۆسەی ئاماری خراونەتەوە روو بە شێوەیەك كە پێویست نەكات خۆینەر بڕواتە راپۆرتەكانی ئەم رووپێو وكارە ئاماریانە . هەروەها شیكردنەوەیەكی ئاسان كراوە تاكو زۆربەی خوێنەران ئەم راپۆرتە بتوانن سوودی لێ وەرگرن . دەستەی ئامار بەردەوام دەبێ لە رێكخستنی ئەم راپۆرتە (سالانە) تاكو گۆرانكاریەكان لەسەر نیشاندەرەكان دیاری بكات بە شێوەیەكی بەردەوام .

**سیروان محمد**

**سەرۆكی دەستەی ئاماری هەرێم**

هێکاری 5.2: نیشاندەرە تەندروستییەکان – تەندروستی دایکایەتی





لەکۆتایدا زانیاری لەسەر (HIV/AIDS) زۆر نزمە لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش دەپێورێت لەڕێگای نیشاندەری زانیاری ورد لەسەر (HIV) تەمەنی 15-24 ساڵ، کە بریتییە لە ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-24 ساڵ کە دەتوانن بەلای کەمەوە دەستنیشانی یەکێک لە شێوازەکانی خۆپاراستن لە (HIV) بکەن و دوو هەڵە تێگەیشتنی باو ڕاستبکەنەوە ((HIV) ناگوێزرێتەوە لەڕێگای پێوەدانی مێشولەوە کە لەسەر خواردنی هاوبەش دەنیشێتەوە)، هەروەها دەزانن کە کەسێکی بەشێوە تەندروست لەوانەیە (HIV) هەبێت. ڕێژەی ئافرەتی لاو کە ئەم ئاستە لە زانیارییان هەبێت بریتییە لە تەنها 3.7% لە هەرێمی کوردستان و 3.1% لە عێراق بەگشتی.

چارەسەرکراو لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە وڵاتانی بەراوردکاری وەک لە هێڵکاری 7.1دا نیشاندراوە. هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەرزتری هەیە لە بەکارهێنانی ئاوەڕۆی چارەسەرکراو لە وڵاتانی بەراوردکاری، لەکاتێکدا کە ڕێژەی دەستگەیشتن بە ئاوی چارەسەرکراو لە هەرێمی کوردستان نزمترە لە میسر، ئوردون و تورکیا.

نیشاندەری سێیەمی ئەم بەشە کە ئێستا بەردەستە لە هەرێمی کورردستان بریتییە لە **ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن** وەک سەرچاوەی وزە بۆ چێشتلێنان. سووتەمەنی ڕەق بریتییە لە دار، خەڵوز، گژوگیا و سووتەمەنی پەستێوراوی تر کە دەکرێت پیسبوونی هەوای ماڵ دروست بکات و زیانی تەندروستی هەیە.

**ڕێژەی دانیشتوان کە سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن** لە هەرێمی کوردستان نزمە (0.2%)، وەک هێڵە نزمەکانی هێڵکاری 7.1 دەریدەخات. هاوکات لە عێراقیش نزمە (1.2%). هەرێمی کوردستان و عێراق بەکارهێنانی سووتەمەنی ڕەقی نزمییان هەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی بەراوردکاری ناو هێڵکاری 7.1، کە هەموویان ڕێژەی نزیک لە 5%یان هەبووە لەساڵی 2010.

هێڵکاری 7.1: دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان




تێبینی: داتاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق لە (MICS4)ی 2011 وەرگیراوە. داتاکان بۆ وڵاتانی بەراوردکاری سەبارەت بە دەستگەیشتن بە ئاو و ئاوەڕۆ لە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهان (World Development Indicators 2012)ی 2012 وەرگیراون؛ داتای بەکارهێنانی سووتەمەنی ڕەق لە (UNData)ی ساڵی 2010 وەرگیراون.

## 8. ئابووری گشتی

| | MDG/CI | هەرێمی کوردستان | هەموو عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|
| کۆی خەرجییەکانی حکومەت، 2010 | CI | 10.5 ترلیۆن دیناری عێراقی<br><br>45%ی کۆی داهاتی هەرێم | 83.0 ترلیۆن دیناری عێراقی<br><br>49.4%ی کۆی داهاتی نیشتیمانی | *KRG*[7] * |
| خشتەی نرخەکانی بەکاربەر / هەڵئاوسان، ڕێژەی ساڵ بە ساڵ، ئەیلول 2011-ئەیلول 2012 | CI | 5.6% | 6.35% | *KRSO*[8] ** |

تێبینیەکان:TID * تریلیون دیناری عێراقیە. GRP بریتیە لە گشت بەرهەمی ناوچە. ژمارەکانی بودجەی 2012 بە کار هاتوونە بۆ تێچووی حکومەت. (بودجەی 2010 لە دەقەکە باس کراوە). خەملێنراوی KRSO بۆ GRP لە ساڵی 2011 بەکار دێت بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی سەدی WWW.KRSO.net . خەملێنراوی بودجەی 2010 بوعێراق وەرگیراوە لە-http://www.iraq-businessnews.com/2010/04/05/breakdown-of-iraq%E2%80%99s-2010-budget/ دەست کەوتووە لە 27 تشرینی دووەمی ساڵی 2012. خەملێنراوی 2010 GDP بۆ عێراق وەرگیراوە لە http://www.gfmag.com/gdp-data-country-reports/252-iraq-gdp-country-report.html#axzz2GI85ef5mدەست کەوتووە لە 27 تشرینی دووەمی ساڵی 2012.خەلێنراوی ڕێژەی گۆڕین بۆ ساڵی 2010 لە نێوان دولاری ئەمریکی و دیناری عێراقی وەرگیراوە لە www.xe.com، دەست کەوتووە لە 27 تشرینی دووەمی ساڵی 2012. ڕێژەی هڵاوسان بۆ دوو ساڵی یەک لە دوای یەک لە نێوان مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2011 و مانگی تشرینی دووەمی 2012 دوایەمین ئاماری بەردەستە کە لێرە پێشکەش کراوە.

** داتای CPI لە ناو خشتەکە و دەقەکە لە دەستەی ئاماری هەرێم وەرگیراوە ، لەڕێکەوتی 13 کانونی دووەمی 2013 . ڕێژەی هەڵئاوسان بۆ هەموو عێراق لە بانکی ناوەندی عێراق وەرگیراوە ، http://www.cbi.iqلەڕێکەوتی 10 کانونی دووەمی 2013 بەدەستکەوتووە .ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵ لە دوای ساڵ لە نێوان مانگی ئەیلولی 2011 و مانگی ئەیلولی 2012 دواین ئامارەکانی بەردەستن کە لێرە پێشکەش کراون .

**کۆی خەرجییەکانی حکومەت** ئاماژەدەرێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی حکومەت لە ئابووریدا.


---

[7] ژمارەکانی بودجەی 2010 بەکارهێنراون بۆ خەرجییەکانی حکومەت. (بودجەی 2012 لە دەقەکەدا باسکراوە.) خەملاندنی دەستەی ئامار بۆ کۆی داهاتی هەرێم بۆ 2011 بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی ڕێژە سەدییەکە (www.krso.net). خەملاندنی بودجەی 2010ی عێراق وەرگیراوە لە
http://www.iraq-businessnews.com/2010/04/05/breakdown-of-iraq%E2%80%99s-2010-budget/,
کۆی داهاتی نیشتیمانی عێراق وەرگیراوە لە
http://www.gfmag.com/gdp-data-country-reports/252-iraq-gdp-country-report.html#axzz2GI85ef5m,
نرخی ئاڵوگۆڕی نێوان دۆلاری ئەمریکی و دیناری عێراقی وەرگیراوە لە www.xe.com

[8] داتای خشتەی نرخەکانی بەکاربەری ناو خشتە و دەقەکە وەرگیراوە لە ڕاگەیاندراوی دەستەی ئامار لە بەرواری 18 تشرینی یەکەم 2012. ڕێژەی هەڵئاوسان بۆ هەموو عێراق وەرگیراوە لە بانکی ناوەندی عێراق: http://www.cbi.iq/

شێوەی 8.1 نیشاندەرەکانی خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراورد دەکات بە نیشاندەری چەند وڵاتێکی ناوچەکە.

### شێوەی 8.1: خەرجییەکانی حکومەت – کۆی خەرجییەکان و وەبەرهێنان




تێبینی: داتاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەو سەرچاوانە وەرگیراون کە لە خشتەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە. بۆ وڵاتی تر، تێکڕاکانمان لە نیشاندەرەکانی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگرتوە لەسەر کۆی وەبەرهێنان لە کۆی داهاتی نیشتیمانی، وەبەرهێنانی تایبەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی و کۆی خەرجییەکانی حکومەت لە داهاتی نیشتیمانی. تێکڕای خەرجییەکانی حکومەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی وەک کۆی وەبەرهێنان لە کۆی داهاتی نیشتیمانی لەگەڵ لێدەرکردنی وەبەرهێنانی تایبەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی هەژمارکراوە. کاتێک وەبەرهێنانی حکومەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی دابەش دەکرێت بەسەر کۆی خەرجییەکانی حکومەت لە کۆی داهاتی نیشتیمانی، خەرجییەکانی وەبەرهێنان وەک بەشێک لە کۆی خەرجییەکانی حکومەت بەدەستدەهێنین.

خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە کۆی داهاتی هەرێم (45%) کەمترە لەوەی عێراق بە گشتی (49.4%). بەڵام زۆر زیاترە لەوەی میسر (28.9%)، ئوردون (26.9%)، و ئیماراتی عەرەبی (24.3%). نیگەرانی بەرامبەر بەشداری لەڕادەبەری حکومەت لە ئابووری هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک کەمدەبێتەوە لەڕێگای بڕی بەرزی خەرجی وەبەرهێنانەوە. لەکاتێکدا وەک بینرا 31%ی بودجەی هەرێم دانراوە بۆ وەبەرهێنان، ژمارە هاوتاکانی وڵاتانی بەراوردکاری، جگە لە ئیماراتی عەرەبی، نزمترن. بۆ هەموو عێراق 27.7%، میسر (22.2%)، ئوردون (16.4%)، ئیماراتی عەرەبی 35.6% لە خەرجییەکانی حکومەت تەرخان دەکات بۆ وەبەرهێنان.

ئاستی گشتی نرخەکان، کە ناسراوە بە خشتەی نرخەکانی بەکاربەر ((Consumer Price Index (CPI)، ئاماژەیە بۆ هەڵبژاردەیەک یان "سەبەتەیەک" لە کاڵا و خزمەتگوزاری کڕاو لەلایەن "بەکاربەری ئاسایی"ەوە.

## 13. دەرئەنجام

لەم راپۆرتەدا، پوختەیەکمان پێشکەش کرد لەسەر دۆخی ئابووری و گوزارەنی کۆمەڵایەتی-ئابووری خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی لەئێستادا داتا بەردەست نییە بۆ دارشتنی کۆمەڵێک نیشاندەری تەواو کە لە (پاشکۆی ب)دا ریزکراون، سەرەڕای ئەوەش توانیومانە شیکارێکی هەمەلایەن پێشکەش بکەین لەسەر دۆخی ئێستا.

وردەکاری هەندێک لە داتاکانی راپۆرتەکە بریتین لە:

- دەستگەیشتن بە خوێندنی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک هەمەگیرە و بەرزترە لە شوێنەکانی تری عێراق. تۆمارکردن و تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی تاڕادەیەک نزمترە بەڵام لە ئاستێکی باشدایە بە بەراورد بە وڵاتانی تری ناوچەکە.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ی بەدیهێناوە لە خوێندنی سەرەتاییدا و نزیکە لە بەدیهێنانی لە خوێندنی ناوەندیدا، بەڵام هێشتا دوورە لەو ئامانجە لە خوێندنی ئامادەییدا. هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵێکی یەکسانە لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە سەبارەت بە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ی لە پەروەردەدا، بەڵام بەتایبەتی کەمێک لەدوای وڵاتانی تری ناوچەکەوەیە بۆ تۆمارکردنی ناوەندی.
- هەر سەبارەت بە نیشاندەرەکانی جۆری کۆمەڵایەتی ، رێژەی زوو هاوسەرگیری بۆ کچانی 14-19 ساڵ نزمترە لە شوێنەکانی تری عێراق و وڵاتانی تری ناوچەکە، ئەگەرچی رێژەی منداڵبوون بەرزترە لە وڵاتانی تری ناوچەکە بەگشتی (بەڵام هێشتا نزمترە لە بەشەکانی تری عێراق). هەرێمی کوردستان ئاستێکی دەگمەنی نوێنەرایەتی ئافرەتانی هەیە لە پەرلەمان، کە 3 ئەوەندەی تێکڕای وڵاتانی ناوچەکەیە.
- دەربارەی ژمارەیەک لە نیشاندەرە تەندروستییەکان، هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک لەدوای تێکڕاییەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە. رێژەی مردنی منداڵی ساوا لە هەرێم نزمترە لە شوێنەکانی تری عێراق بەڵام زۆر بەرزترە لە لوبنان، تونس، میسر و تورکیا. هەروەها کوتانی منداڵان هاوشێوەی ئەمەیە.
- تەنها 7%ی هێزی کار لە کشتوکاڵدا کاردەکات. ئەمە لەگەڵ رێژەیەکی سەدیی بەرزی زەوی کە پشت بە باران دەبەستێت (87%)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێویستە حکومەتی هەرێم رەچاوی کۆمەڵێک سیاسەت بکات بۆ زیادکردنی ئاسایشی خۆراک.
- لەکاتێکدا کە خەرجییەکانی حکومەت پێکهێنەرێکی بەرزی کۆی داهاتی هەرێمن، 45%، زیاتر لە 30%ی ئەم خەرجیانە تەرخانکراون بۆ وەبەرهێنان، کە ئەمەش رێژەیەکی بەرز و باشە.
- رێژەی هەڵئاوسان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە لە چەند ساڵی رابوردودا، کە رێژەی ساڵ بە ساڵ نزیکە لە 9%.

مەبەستمان لەم راپۆرتە ئەوەیە کە داتای پەیوەست بە سیاسەتەکانی حکومەت بەشێوەی ساڵانە پێشکەش بکەین و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بتوانن بەکاریانبهێنن بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزەکان و گرفتەکان لەکاتی پرۆسەی بڕیارداندا، هەروەها خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانن بەکاریانبهێنن بۆ ئەوەی

| | | |
|---|---|---|
| کاڵای گوازراوە بە شەقامەکاندا (تەن/کاتژمێر)* | CI | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن |
| بیرنداری پێکدادان* | CI | وەزارەتی ناوخۆ / وەزارەتی تەندروستی |
| حوکمڕانی | | |
| جێبەجێکردنی رێساکانی رەفتار (پەیوەست بە یاساوە)* | CI | فەرمانگەی حومکڕانی و نەزاهە |
| دەستگەیشتنی خەڵک بە یاساکان* | CI | فەرمانگەی حومکڕانی و نەزاهە |
| دەستگەیشتنی خەڵک بە رێنمایی و پەیڕەوەکان* | CI | فەرمانگەی حومکڕانی و نەزاهە |
| کاتی پێویست بۆ دەستکردن بە کار (بزنس) (کۆمپانیای خۆماڵی)* | CI | دەستەی ئامار |

